# راگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کومونیستی ئێران

## بەبۆنەی ئەوەڵی مانگی مەی ڕۆژی جیهانی کرێکار(٢٠٠٩)

ئەمساڵ لە هەلومەرجێکدا بە پێشوازی ئەوەڵی مانگی مەی، ڕۆژی هاوپشتی خەباتکارانە و ئەنترناسیۆنالیستی چینی کرێکارەوە دەچین، کە نیزامی سەرمایەداری لەئاستی جیهان لەگەڵ بەرینترین قەیرانی مێژوویی خۆی ڕووبەڕوویە.

ئەم قەیرانە کە لە هەناوی نیزامی سەرمایەدارییەوە سەرچاوە دەگرێ، هەر چەند سەرەتا لە قەیرانی بانکەکان و هاتنە خواری بازاردا سەری هەڵدا، بەڵام بەخێرایی لەبواری بەرهەمهێنانیش دا خۆی دەرخست و بە هاتنەخوار و داخرانی ژمارەیەکی زۆر لە ناوەندەکانی بەرهەمهێنان و بێکار کردنی کرێکاران لەئاستی نێونەتەوەیی، هەژاری و بێکاری و نەبوونی ئاسایشی زۆرتر بۆ زۆربەی دانیشتوانی سەر زەوی، کەمبوونەوەی حەقدەستەکانی چینی کرێکار و دابەزینی توانای کڕینی جەماوەر لە وڵاتە جۆراو جۆرەکانی جیهان، پانتایی کاولکارای خۆی هەرچی زیاتر ئاشکرا کرد. ئەمڕۆ لە کاتێکدا کە جیهان نوقمی سەروەت و سامانە، کرێکاران و زۆربەی ئەو جەماوەری کە هەر خۆیان بەرهەمهێنەرانی ڕاستەقینەی نیعمەتەکانی ژیانن، لێی بێبەشن. بەمجۆرە ئەم قەیرانە جارێکیتر کۆمەڵگای بەشەری ڕووبەڕووی ئەم ناکۆکییە حاشاهەڵنگرە کردەوە کە بەرهەمهێنەران لەئاکامی گەشەی پڕ پیتی هێزی بەرهەمهێناندا، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر توانای کڕینی پێداویستیەکانی ژیانیان لەدەست دەدەن و بەرهەمە بەدەست هاتوەکانیش ئاستی مەسرەفیان دێتە خوارێ.

ئەم قەیران و نسکۆ ئابوورییە، لە هەمانکاتدا تێکشکانی سیاسی و ئیدئۆلۆژی نیزامی سەرمایەداری ئاشکرا کرد و لەگەڵ خۆیدا بنەماکانی تێئۆری نیئۆلیبرالیزمێک کە لە دەیەی هەشتای سەدەی ڕابردووە، ببوو بە پشتیوانی فکری نیزامی سەرمایەداری داڕماند و سەرجەم یاسا و ڕێسا و پرەنسیبەکانی سیستمی بەرهەمهێنان کە لەسەر بنەمای ململانێ و بازاڕی ئازاد دامەزراوە ڕیسوا و هەرچی زیاتر بێ بنەما بوونی ئەوی ئاشکرا کرد و خستیە ژێر پرسیار.

قەیرانی ئابووری ئێستا، سەرەرای دژواری و زەخت و زۆرێک کە لە ڕێگای پەرەپێدانی بێکاری و هەژاری، بەسەر خەباتی چینی کرێکاردا دایسەپاندووە، بەڵام لە هەمان حاڵدا مەوداکانی عەینی

گەشەی خەبات و مانگرتنی جەماوەری چینی کرێکاری رەخساندوە. مانگرتن و خۆپیشاندانی ملیۆنی چینی کرێکار و کارمەندانی فەرانسە دژ بە پلانی دەوڵەتی ئەو وڵاتە بۆ دژایەتی لەگەڵ قەیران، خوپیشاندان و مانگرتنی کرێکاران لە یۆنان، ئاڵمان، ئیتالیا و باقی ناوەندە سەرەکییەکانی سەرمایەداری جیهانی، ئاماژە بەو راستیە دەکات کە چینی کرێکار لە بەرانبەر ئەو پەلامار و دەستدرێژیانەی کە لە لایەن نیزامی سەرمایەدارییەوە بۆ سەر ئاستی ژیان و گوزەرانی پلانی بۆ دارێژراوە، دەستی لەسەر دەست دانەناوە، بەڵکوو دژە کردەوەی خۆی رێکخستەوە.

قەیرانی ئابوری ئێستا، نسکۆی سیاسی و ئیدئۆلۆژی سەرمایەداری و گەشەی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار، بواری بەرچاو و راستەقینەی بۆ پێشرەوی و هێرشی بزووتنەوەی سوسیالیستی رەخساندوە. ئەگەر لەساڵی 1990 نەزەریەپەردازانی سەرمایەداری بە یارمەتی ژوورنالیزمی جیرەخۆریان بە درۆ و ناڕەوا، سەرمایەداری دەوڵەتی کە لە وڵاتانی ئوروپای شەرقی حاکم بوو، بەسوسیالیزم دەناساند و ڕووخانی ئەویان بەشکست و ڕووخانی سوسیالیزم پێناسە دەکرد و سەرخۆشانە کۆتایی مێژوو، هەمیشەیی بوونی نیزامی سەرمایەداری و شکستی باڵەکانی سوسیالیزمیان ڕاگەیاند، و لەم ڕێگایەدا هەل ومەرجێکی دژوار و ئاستەمیان بەسەر هەڵسووڕانی کومونیستی دا سەپاند، ئەمجارەیان نۆرەی چینی کرێکار و بزووتنەوەی سوسیالیستی ئەم چینەیە کە بەڕاگەیاندنی شکستی ئابوری، ئیدلۆژی، سیاسی و ئەخلاقی بوورژوازی و نیشاندانی لاوازی و لێنهاتووی و بێتوانایی ئەم چینە بۆ ئیدارەی کۆمەڵگا، خۆی بۆ هێرش کردنە سەر سەرمایەداری لە هەموو بوارەکاندا تەیار دەکات.

ئەگەر چینی کرێکار تێپەڕ بوون لەم قەیرانە بە بورژوازی و ڕێگا چارەکانی ئەم نیزامە بسپێرت، لەم حاڵەتەدا چینی سەرمایەدار بە سەپاندنی هەژاری و ڕۆژ ڕەشی زیاتر بەسەر زۆربەی کۆمەڵگادا، بە سەپاندنی وەحشیگەری و نەبوونی ئاسایش بۆ ژیانی مرۆڤایەتی و سەرجەم کۆمەڵگای بەشەری، سەرەنجام یەکگرتووتر و بێ بەزەییانەتر لە جاران، هەل ومەرجی درێژەپێدان بەژیانی خۆی بۆ سەردەمێکی تر بەسەر کۆمەڵگای بەشەریدا دادەسەپێنێت، بەڵام لە بەرانبەرەدا خەباتی سوسیالیستی و شۆڕشی کۆمەڵایەتی ئەو ڕێڕەوەیە کە دەتوانێ چینی کرێکار لە ئاکامە کاولکارانەکانی ئەم قەیرانە و لەشەڕی نیزامی سەرمایەداری و قەیرانەکانی ڕزگار بکات و سەرەنجام ئەم نیزامەش وەک نیزامەکانی پێشتر بەگۆڕستانی مێژوو بسپێرێ.

چینی کرێکاری ئێران لە هەلومەرج و بارودۆخێکی جیهانیەدا بە پێشوازی ئەوەڵی مانگی مەی رۆژی جیهانی کرێکارەوە دەچێت، کە قەیرانی جیهانی سەرمایەداری لە ڕێگای هاتنەخواری نرخی نەوت، بەشێوەیەکی خێرا و ڕاستەوخۆ، قەیرانی چارە هەڵنەگری ئابوری ڕژێمی کۆماری ئیسلامی چڕتر کردۆتەوە. ڕژێم هەوڵدەدات بە توند و تیژکردنەوەی هێرش بۆ سەر ئاستی ژیان و گوزەرانی بێ ڕەونەقی توێژی هەژاری کۆمەڵگا، بارودۆخی ئابووری خۆی ڕێک بخاتەوە. ئێستا لە سەروبەندی ئەوەڵی مانگی مەی داین، پێویستە کە کرێکارانی کۆمۆنیست و پێشڕەو، لەم بارودۆخە تێبگەن و ڕێگەنەدەن کە سەرمایەداری ئێران و باڵە جۆرا و جۆرەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، بە گۆشاری زیاتر بۆ سەر چینی کرێکار، خۆی لە گێژاوی ئەم قەیرانە ڕزگار بکات و بە نرخی ماڵوێرانی و تێکدانی شیرازەی ژیانی بەملیۆن بنەماڵەی کرێکاری سود و قازانجی خۆی دابین بکات.

ئەم پێویستیە حاشاهەڵنەگرەیە ،کە بانگهێشتی چینی کرێکار بەرەو یەکگرتوویی و هاوپشتی و هەروەها نیشاندانی شکۆمەندی هێزی چینایەتی لەدژی سەرمایەداران و دەوڵەتەکەیانی لە رۆژی ئەوەڵی مانگی مەی دا لێ دەخوازیت. کرێکارانی پێشڕەو و کومۆنیست، رێکخراو و ناوەندە کرێکاریەکان، لە پێناو ڕێکخستنی ئەم ریز بەستنە چینایەتیەدا کە لە هەمانکاتدا بەشی سەرەکی وزەی بۆ هێنانە مەیدانی کرێکارانی ناوەندە سەنعەتییە گەورەکان کۆدەکەنەوە، نابێ هیچکام لەبەشەکانی دیکەی چینی کرێکاری ئێران فرامۆش بکەن.

بەڕێوەبردنی شکۆداری یەکی مەی دەتوانێ کاریگەری لەبیرنەکراوی لەسەر هەل ومەرجی سیاسی کۆمەڵگا هەبێ. لەم ڕووەوە پێویستە کە نەتەنیا هەڵسووڕاوانی کرێکاری، بەڵکو هەڵسووڕاوانی سوسیالیست و پێشڕەوانی بزووتنەوەی خوێندکاری، بزووتنەوەی ژنان و دانشجویی، خەباتگێڕان و هەڵسووڕاوانی دیفاع لەمافەکانی منداڵیش لەپێناو هەرچی بەشکۆتر بەڕێوەبردنی یەکی مەی بێنە مەیدان و ئەم هەوڵانە دەتوانێ، هەنگاوێک لەپێناو پتەوتر کردنی پەیوەندی بزووتنەوە ڕادیکاڵ و پێشڕەوە کۆمەڵایەتیەکان لەگەڵ بزوتنەوەی کرێکاری بێت.

ڕەوتی ڕوو لەگەشەی مانگرتن و ناڕەزایەتیە کرێکارییەکان لەساڵانی ڕابردوودا، نیشانەی ئەم ڕاستییە کە بزووتنەوەی کرێکاری ئێران توانا و زەرفیەتی ئەوەی هەیە کە لەڕۆژی یەکی مانگی مەی دا هێز و توانای یەکگرتوویی و هاوپشتی چینایەتی خۆی نیشان بدات. کرێکارانی کومونیست، ڕێکخراوەکانی هەڵسووڕاوانی کرێکاری، سەندیکاکان وسەرجەم ناوەندەکانی دیکەر کرێکاری، سەرەڕای هەرجیاوازییەک کە لەگەڵ یەکتر هەیانە، پێویست و زەروورییە کە بۆ ڕێکخستن و نیشاندانی هاوپشتی چینایەتی

کرێکاری له ئەوەڵی مانگی مەی دا پێکەوە هاوکاری بکەن و یەکێتی بە کردەوەیان هەبێ. بەرژەوەندی چینایەتی کرێکاران لەبەرانبەر سەرمایەداران و دەوڵەتەکانیاندا، ئەمجۆرە هاوپەیمانیەتی وهاوکاریانەی پێویست و زەرووری کردووە. پێویستە بەکردەوە نیشانی بدەین کە هیچ بەرژەوەندییەکی جیاواز لەبەرژەوەندی چینی کرێکارمان نیە.

دەبێ لە ڕۆژی ئەوەڵی مانگی مەی دا، بە چینی سەرمایەدار و دەوڵەتانی لایەنگری ئەوان ڕابگەێنین، کە ئەوان ناتوانن بەسەپاندنی باری قورسی قەیران بەسەر شانی کرێکاراندا خۆیان لەم تۆفانە ڕزگار بکەن. دەبێ ڕابگەیەندرێ کە خەبات لەپێناو بردنە سەری حەقدەستەکان بەگوێرەی ئاستی ئاوسان درێژەی هەیە. پێویستە لەم ڕۆژەدا جارێکیتر لەسەر داخوازییە سەرەکیەکانی چینی کرێکاری ئێران، کە دەتوانێ بنەمای تێکۆشان بۆ یاسایەکی دیمۆکراتیکی کار بێ، پێداگری بکرێ. پێویستە کە داخوازیی ئازادی هەڵسووڕاوانی کرێکاری کە لە پشت میلەکانی زیندان دیل کراون بە شێوەیەکی بەرین بێتەگۆڕێ. پێویستە قورسایی هێز و خەباتی هاوباش لە پێناو پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکاریەکاندا زۆرتر بیتە مەیدان و پێداگری زۆرتری لەسەر بکرێ.

بژی ئەوەڵی مانگی مەی

بۆ پێشەوە بەرەو پێکهێنانی ڕێکخراوە چینایەتی و جەماوەریەکانی کرێکاری.

بژی ئازادی، بەرابەری، حکومەتی کرێکاری

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کومنیستی ئێران

ئاوریلی ٢٠٠٩